# مسۆگەرکردنی یەکگرتنەوەیەکی مێژوویی

**بەیان فەرشی**

گەورەبوون و خۆپێگەیاندن وەکوو کوردێک لە کوردستان کارێکی هاسان نییە. زانینی بەسەرهاتی وڵاتەکەت و وردە زانیارییە بنچینەییەکانی کە دەبنە بناغە و پاشخان بۆ ڕێباز و باوەڕێک کە بەرەو ئاراستەی خۆناسین و خۆبینینەوە پەلکێشت دەکەن، هەڵکەوت نییە و بەهەڵکەوتیش ناقەومن.

زۆربەی زۆرمان قۆناغی منداڵی تا گەورەبوونمان لە بۆشاییەکی پڕ لە هات و هاواردا کە تەنیا خۆمان تێیدا بێدەنگ بووین، تێپەڕدەکەین. ئەمەش ڕەوتێکی پڕ لە ژان و سەرلێشێواوییە کە ئەگەر هاتوو لەم قۆناخەدا هەست بە بێدەنگی خۆمان نەکەین، هەست بە نەبوونی بناغە و بنچینەی خۆمان نەکەین، هەست بە نەبوونی ڕەگ و ڕیشەی خۆمان نەکەین، دەبینە بووکەشووشەی دەستی ئایدئۆلۆژییەکان و خەم و کەسەری دنیا و گەردوون لەکۆڵ دەنێین و شانسی ناسینی خەم و کەسەری خۆمان لەکیس دەدەین و بۆ هەمیشە لەناو ئەم قۆناغە هەورازەی، پڕ لە بێدەنگی خۆمانە، زیندەبەچاڵی دەکەین .

وەکوو تاکێکی کورد شانسی بیستنی ئەم بێدەنگیەی خۆمانم هەبوو و گرمە و هەرای پشت بێدەنگیەکەش هاتە گوێم و چاوم بە دیمەنەکانی پشت ئەم بێدەنگییەش ئاخنی. هەست بە کوردبوون کردن لە سەردەمی ئێمەدا هەڵبژاردنە، بەڵام کوردبوون هەڵبژاردن نییە و ڕاستییەکە بەناوچاوانتەوە. ئەو کەسانە و ئەو هۆکارانەی من و تۆیان واڵێکردووە کە لە هەستیارترین و بناغەیی‌ترین قۆناغی ژیانماندا لەناو بێدەنگی و بێڕەنگی خۆماندا سڕ بین، ئاگاداری کوردبوونمانن، بۆیە کوردبوون ناشاردرێتەوە، چون ئەگەر خۆشمان بڕیاری خۆشاردنەوە لە خۆمان بدەین، داگیرکەرانی خۆڵقێنەری ئەم ڕەوتە سڕبووەی ژیانمان، ئەوانەی قۆناغەکانی مێژوویان لە ڕەوتی ژیانماندا ڕەشکردۆتەوە، لە ناسنامە و بوونمان ئاگادارن و دەزانن ئەم بیر و مێشکە کاسبووانە، بۆی هەیە ڕۆژێک لە کاسبوون بێنە دەرێ. بۆیە کوردبوون هەڵنابژێردرێ، ڕاستییەکە حاشاهەڵنەگر و ڕێی دەربازبوونت لێی نییە.

وەک تاکێک کە ئەم ڕێبازە پڕ نشێو و هەورازەم بڕیوە بۆ پاراستنی ئەو ناسنامەیەی لێم حەشاردرابوو و خاوێنکردنەوەی لە گژەگیای بابردەڵەی بێ ڕەگ و ڕیشە، ڕەنگە هەڵکەوتوو و سەرکردە نەبم، بەڵام ئەگەر هەڵکەوتووان و سەرکردەکانی کورد هەوڵی بۆشکردنی ئەم ناسنامەیەم بدەن یان بۆشاییەکی نوێم بۆ دەستەبەر بکەن، ئەو پرسیارە بەرۆکم دەگرێ کە ئاخۆ بڵێی سەرکردە و هەڵکەوتووانمان ئەم قۆناخە پڕ لە بۆشایی‌یەیان تێپەڕاندبێ یان هەر لە سەرەتاوە بوونەتە بووکەشووشەی دەستی ئایدئۆلۆژییەکان و لە بناغە دابڕاون و خەرمانی پڕ بەپیتم لێ بنکۆڵ دەکەن؟ یان بڵێی بە ڕیشەی ئەم خاکەوە گرێدرابن یان ئەوەیکە لەناو ئەم بۆشاییەدا سەرلێشێواو ماونەتەوە.

ئەم جەستەیە لەم ڕیشەیە ئاو دەخواتەوە، بۆیە ئەم ناسنامەیە بە بوێری و ورەوە دەپارێزم. ئەم ناسنامەیە کەم نییە و بە کەمی ناشوبهێنم و پڕ بە هەموو وشەکانی وشەدانی ناسنامەکەم بە بێدەنگی بۆشاییەکەیانی ڕابردوو و هەنووکە و داهاتوودا دەگوررێنم.

گریمانەی ئەوەی ڕێبەرە سیاسییەکانمان بۆشایی نوێمان بۆ دەستەبەر بکەن، گریمانەیەکی لاساری بزۆزی دەگمەن دەبێت، چون مرۆڤی کوردی خاوەن ئەزموونی سیاسی ئەمڕۆ و ئەم سەدەیە، بڕیارەکانی بە لەبەرچاوگرتنی زایەڵەی قەتیس‌ماوی نەوە چاوکراوە خوێندەوارەکەی ئەم سەردەمە ڕەچاو دەکات و لە هەوڵی پێکەوە گرێدانی زنجیرە پچڕاوەکانی نێوان نەوەی کۆن و نوێ دەبێت بۆ پتەوکردنی یەکێتییە لەمێژینەکەی، ئاواتی هەموو تاکێکی ئەم کوردستانەیە.

ڕەشەممە ٢٠٢٣